www.kurdistannet.org
20-11-2005 22:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەنگبدەن و حەوالــــە بە خوای کەن!! ... دلێر محمود سابیر

هیچ پێشەکیەکی ناوێ گەر بڵێم: برام تەشریف بفەرموو بۆ دەنگ دان بۆ لیستی ژمارە 730 و ویژدانی خۆت ئاسوودە بکە و لە سەر خۆت مەیکە بە ماڵ نەوەك هەتا تەمەنت هەیە سزای ویژدانت بەرۆکت بەر نەدا، منیش وەك تۆ زۆر لە تۆ زیاتریش ئەو گەندەڵی و دزی و زیادە ڕۆیی و پێشێلکاری و نەچوون بە دەنگەوەو بێ سەروو بەرەی ئیداراتی وولات و دەربەست نەهاتنی ناشیرین کردنی شارو گەڕەکەکان و پیس و پۆخڵی و چی و چی تر ئەزانم و درکی پێ دەکەم، براکەم ئەمانە هەمووی جاران بە ئوسلووب و بەرنامەیەکی جیاواز تر بە سەرماندا تێ پەڕی و هەر لە ناویش چوو، لە بیرتانە فەسادی ئیداری و دزی و تالآنی و ئیلتیزام نەکردن بە دەوامەوە و هەموو ڕەفتارە ناشیرینەکانی تر کێ ئاشنای کرد بەم وولاتە؟ ڕەنگە ئەمە شیعاری بەعس زیاتر هی کەسی تر نەبوو بێ، پەتای ئەو پاشەڵ پیسیەی ڕژێمە لای ئێمەش باوێتی، بەڵام کەسانێك هەن لە ئیدارەی دەوڵەتدا هەمان ئەو بەرنامەیە پەیرەو بکەن و نەیانەوێ ئەو بارو دۆخە ڕوو لە باشی بچێت بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو زیاتر دەچێت و گەشە ئەکات، ئەمڕۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان وای لە کەسانی ویژدان و دڵ و دەروون پیس کردووە کە ئەو دیاردەیە کۆنترۆڵ نەکرێ بۆیە خەڵکی تا ڕادەیەکی بەرز بێزارن و هەتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بۆ سندووقەکانی دەنگ دان نەچن!! هەقیانە و چونکە تەنها ئەو دابڕانە لە سندووقەکان ئەتوانێ ببێتە فشار بۆ هەردوو سوڵتەی دەسەڵاتدار تا بە چاوێکی ترەوە بڕواننە ئەم کێشە سەرەتانیەی ناو کۆمەڵ، بەڵام وەرن لە واقیع بدوێین، ئایا لە سایەی بارو دۆخێکی ناهەمواری وەك ئەمڕۆی عێراق دا، لە ژێر سایەی هەڕەشەکانی عەرەبی سوننەو شیعەدا کە هیچیان دەربەستی ئایندەی نەك کوردستان هی عێراقیش نایەن، ئەگونجێ ئێمەش پشت لەو پرۆسەیە بکەین؟ یان وەك تەماشاکەر بڕوانینە ئەنجامە نادیاریەکانی؟، لەوانەیە کارەساتێ ببینین کە هەرچی ئەوانەی سەگ بۆنیان پێوە ناکات قەشمەریمان پێ بکەن!! ئەمەش هەمووی لە پای چی؟ پاشە ڕۆژ و خاك و میللەت و کوردستان و شۆڕش و شەهید و، ، ، هتد هەمووی بسڕینەوە لە مێژووی کوردا، دەبا ئیتر گوێ (لەو کەسانە) نەگرین کە لە سایتەکانی ئەنتەرنێت و هەندێ ژووری پڕ لە ئاشووبی پاڵتاکدا ئەنووسن و ئەبێژن و هانی خەڵکی دەدەن کە دابڕێن لە و هەڵبژاردنە، ئەمە چارەنووسمانە بە ڕەغمی ئەو هەموو سلبیات و کەم و کوڕی و ململانیەوە، ئێوە ئەوەی لە سەرتانە هەنگاوی پیرۆزی خۆتان بنێن بەرەو بە دەست هێنانی ئەو چارەنووسەی کە زۆر گرنگە بە تایبەتی چارەنووسی دوای دەستوور ئەمان خاتە ڕۆخی ئەمان و کەشتیەکەمان لەنگەری خۆی ئەگرێ بۆ هەتا هەتایە و ترس و دڵە ڕاوکێشمان نامێنێ و تا ئیدارەکانیش شەرم بیان گرێ و یەك بگرنەوە کە چەند ساڵە بۆتە مایەی سەغڵەتی بێزاری کورد بە گشتی و سوعبەتەکەیان ناشیرین کرد و بۆیان چۆتە سەر بێ گوێ دانە دەنگی سووتێنەری پڕ لە نارەزایی جەماوەر، کە خەریکە ووشك و سەوزیان پێکەوە بسووتێنێ ئەگەر ئەو هەڵوێستەیان ترۆ نەکەن، برای بەڕێز تۆ دەنگ بدەو حەواڵە بە خوای کە)، !! دوای ئەوە هەڵبەتە ڕازو نیازی دەسەڵاتدارەکانمان بە یەکجاری ساغ ئەبێتەوە ئایا (هەوە) (یان هەو) نیە؟